# سۆسیۆلۆژیای فیگورێیشن و دەروازەیەکی دی بۆ تێگەیشتن لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان

ئیبراهیم مەلازادە

چۆن لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان تێبگەین؟ ئەو ڕەهەندانە چین کە دەبنە دەروازەیەك بۆ دیاردەکان بۆ ئەوەی وردە وردە خۆیان بخزێننە ناو واقیع و ببن بە فاکتی کۆمەڵایەتی؟ ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە سۆسیۆلۆژیای فیگورێیشن[1] (Figurational Sociology) و بەستنەوەی ئێستا و ڕابردوو لەپێناوی تێگەیشتن لە ئایندەی جڤاکی مرۆییدا. لێرەدا دەبێ ئەوە پشتڕاست بکەینەوە کە بیرۆکەکانی فیگورێیشن (ideas of figurations)، دەرهاوێشتە پلان بۆدانەنراوەکان ( unplanned consequences)، تێکەڵبوون و لێدووربوون (involvement and detachment) و پەیوەندییەکانی هێز (power relations) وەکو چوار ڕەگەزی بنەرەتی ئەو باسە، شرۆڤە دەکرێن.

دیارە بنەما و ڕەگوڕیشەی ئەو تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ سۆسیۆلۆگی گەورەی ئەڵمانی نۆربێرت ئەلایاس، کە لە ۱۹۳۹ دا کتێبێکی بڵاوکردەوە و ناوی نا تیۆری پرۆسەی شارستانی ( Civilising Process)، هەر لەدووتوێی ئەو کتێبەشیەوە، تیۆری پرۆسەی شارستانی خستە ڕۆژەڤەوە. تیۆرییەك کە دەیان لقە تیۆری لێدەبنەوە و دەوڵەمەندە بە دەیان کۆنسێپتی هەمەجۆر، کە یەکێك لەو کۆنسێپتانەش سۆسیۆلۆژیای فیگورێیشنە یا پرۆسەی فیگورێیشن، کە لەبنەڕەتدا وەکو میتۆدۆلۆژی کراوە بە کەرەستەی توێژینەوە زانستییەکان.

لەو بارەیەوە، ئەلایاس وەها باس لە فیگورێیشن دەکات و دەڵێ "فیگورێیشن ستراکتورێکی جڤاکییە و لەژمارەیەك تاك پێك دێت، کە بەژمارەیەك پێگە (positions)، بنەما (rules)، نۆرم (norms) و بەهاکانەوە (Values)، بەستراونەتەوە" (Elias, 2009). کەواتە، ئێمە لەبەردەم تۆڕێك لە ڕەهەندی هەمەجۆر داین، تاکەکان لەناو چوارچێوەی جڤاکدا هەرگیز وەکو تاك تەماشا ناکرێن، بەڵکو بەشێکن لەو ستراکتورەی کە سیستمی جڤاکی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەر ئەو سیستمەشە وادەکات تاکەکان بکەونە نێوان ئازادی جموجۆڵ و جەبری جڤاکی. لە تێڕوانینی تانیا کوانتینێرۆدا، دوای ئەوەی کە پێی وایە فیگورێیشن یا 'تیۆری پرۆسە'، یەکێکە لە گرنگترین بەشدارییەکانی ئەلایاس لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەڵێت:

"فیگورێیشن، جەخت لەسەر تێگەیشتن لەو ستراکتورانە دەکاتەوە کە پشتبەستنی مرۆڤەکان بەیەکدی جێگیر دەکات و ئەو گۆڕانکاریانەش کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، لەسەر هەردوو ئاستی

[1] فیگورێیشن لە زمانی کوردیدا بە وردی ئەستەمە مانایەکی پڕ بەپێستی خۆی بۆ بدۆزینەوە. بەڵام دەکرێت وەسفی ئەو چەمکە بەزۆر شێواز بکرێت، لەوانەش پێکهێنان یا وێناکردن یاخود دروستبوون و تاد کە هیچیان مانای ئەو چەمکە نادەن بەدەستەوە. لە زمانی عەرەبیدا پێی دەڵێن (تشکیل) کە ئەگەر بیکەینەوە بە ئینگلیزی دەبێتەوە بە فۆرم. ئەمەش مانای وایە کە تشکیل مانای وردی فیگورێیشن نادات بەدەستەوە. بۆیە باشتر وایە هەر فیگورێیشن وەکو خۆی بەکاربێنینەوە. فەرهەنگی مەریەم بەو جۆرە پێناسەی کردووە: کردارێکە یاخود پڕۆسەی وەدیهێنانە، یاخود دەستەبەرکردنی فیگورێکە. فیگوریش (Figure) بەمانای کەس، یا ژمارە یا مەجاز و زۆر مانای دیکە دێت.

تاك و گروپ لە ئەنجامی زیادبوون و پاشەکشەی پشتبەیەکبەستن و پلەداری دەستەڵات دادەبێت“ (Quintaneiro, T., 2006:3)

گارێث هۆپکینسدا کە توێژینەوەکەی لەسەر فوتبۆڵ کردووە و فیگورێیشنی وەکو میتۆدۆلۆژیا و یەکێك لە ڕەگەزەکانی سۆسیۆلۆژیای فیگورێیشن بەکار هێناوە بۆ دەستەبەرکردنی شرۆڤەکردنی زیاتر و گەشەپێدان و پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان یەکێتی تۆپی پێ (Football League) و ئەنجومەنی تۆپی پێ (Football association)، دواتریش پەیوەندی نێوان دەستەڵاتی دەستە کیشوەریی (continental) و نێونەتەوەییەکانی (international) فوتبۆڵدا. لەو ڕوانگەیەشەوە، هۆپکینس فیگورێشنی سەرکەتوانە وەکو پرۆسێس مۆبیلیزەکردووە بۆ ئەوەی ڕەگوڕیشەکانی مێژوو و ئێستا و ڕابردوو بەیەکەوە گرێ بدات. بۆیە، لەدوو توێی ئەو تیۆرییەدا، ئەو پێی وایە بۆ ئەوەی لە ئێستا تێبگەین دەبێ ڕابردوو، واتە ڕەگوڕیشەکانی فوتبال شرۆڤە بکەین بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە پەیوەندییەکانی هێزەوە هەیە لەچوارچێوەی ئەو ستراکتۆرە جڤاکییەی کە ئەلایاس پەردەی لەسەر لاداوە. هەر لە چووارچێوەی ئەو پرۆسەیەشدا، ئاینده بەشێک دەبێت لە ڕابردوو، چونکە ئاینده بەهیچ جۆرێك لەدەرەوەی کارایی و ڕەهەندەکانی ڕابردوودا نابێت و دەرناکرێت. لەو پێودانگەشەوە، بەبێی تێگەیشتن لە ڕابردوو مەحاڵە لە ئێستا و ئاینده تێبگەین، مرۆڤەکان و گروپەکان بەیەکەوە گرێدراون و ”پەیوەندییەکی داینامیکی لە نێوانیاندا هەیە“(Hopkins, 2006:12)، چونکە یەکەیەکی دانەبڕاون لە ستراکتۆری جڤاکی.

لێرەدا سەبارەت بە بیرۆکەکانی فیگورێیشن، کە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی تیۆری سۆسیۆلۆژیای فیگورێیشن؛ چۆن هۆپکینس پێی وایە چوارچێوەی فیگورێیشن هەر بەتەنها تەماشای شرۆڤەکردنی ڕەفتار و ئاکاری کەسەکان (micro-sociology) ناکات، بەڵکو تەماشای ستراکتۆری پەرەپێدراوی جڤاکیش (macro-sociology) دەکات، وەکو پرۆسەیەکی درێژخایەن بەمەبەستی بەیەکەوە بەستنەوەی میکرۆ و ماکرۆ بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان. لەهەمان چوارچێوەشدا، نینا باوەر و ئەرنست ستێڤانی دووبارە بیناکەردنەوەی (reconstructed) ئاستەکانی ماکرۆیان کاتاگۆریزە کردووە و پێیان وایە کە ” ئەم دوبارە بیناکردنەوەیە بنەما و ستراکتۆری جڤاکی فیگورێیشنە“ ( Baur, N. and Ernst, S., 2011:120)، بەو مانایەی کە ئاستەکانی ئەو ستراکتۆرە هەمیشە لە گەشەکردن و پەرەسەندن دان و خۆیان بینا دەکەنەوە و لێك دانابڕێن. بۆیە دەکرێت مامەڵە لەگەڵ فیگورێیشنی سۆسیۆلۆژیادا بکەین وەکو سەرچاوە یاخود میکانیزمێك بۆ فیگورێیشن.

لێرەدا ئەلایاس پێی وایە چەمکی فیگورێیشن ئاماژەیەکە بۆ پشتبەیەکبەستن یا یەکێتیی (interdependencies) ئاراستەی مرۆڤەکان.... ئەو تۆڕی پشت بەیەك بەستنەش لەلایەن تاکەکانەوە فۆرمولە دەبێت“ (Elias, 2000: 482). لێرەدا بۆ ئەلایاس پشتبەیەکبەستنی تاکەکان لەچوارجێوەی ستراکتۆری جڤاکدا حەتمییە، ئەگینا ئەو ستراکتۆرە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت. بەو مانایەی ناکرێت تاکەکان لە جڤاکدا دابڕین و وەکو تاقانە شرۆڤەی ڕەفتار و ئاکارەکانیان بکەین، بەڵکو دەبێت لەچوارچێوەی کۆمەڵگای خۆیاندا، وەکو بەشێك لە تۆڕێکی پەیوەندییەکانی جڤاکیدا، یاخود وەکو ئەوەی ئەلایاس ناوی دەنێت فیگورێیشن (figurations)، قسەیان لەسەر بکرێت.

لێرەدا، لەدووتوێی ڕەگەزی دووەمی سۆسیۆلۆژیای فیگۆرێیشندا، کە بە دەرهاوێشتە بێ پلانەکان دەناسرێتەوە؛ هۆپکینس لێکدانەوەی بۆ دەکات و ناوی دەنێت ”تۆڕی خەڵك“ لەچوارچێوەی

فیگورێیشندا، هەمیشە بەئاراستەی کۆمەڵێك دەرهاوێشتەی گشتی چالاکیدا کار دەکات، بۆ ئەوەی چەند چالاکییەکی پلان بۆ دانراو بەئاراستەی چەند دەرهاوێشتەیەکی پلان بۆدانەنراودا پەرەپێ بدات.
تێگەیشتن لەم دەرهاوێشتە پلان بۆ دانەنراوانە گرنگە، چونکە لەسەروبەندی هەر جۆرە پلاندانانێکدا، دەبێ حیساب بۆ پلان بۆ دانەنراوەکاندا بکەین کە لەوانەیە ئامانجە پلاندارەکان بەتەواوەتی پێچەوانە بکەنەوە. هۆپکینس بەرهەمهێنانی بەردەوامی ئۆتۆمبێل دەکات بە نموونە. ئەو پلان بۆ دارێژراوە، بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل، ڕیگا و زەمەن بۆ مرڤەکان کورتتر دەکاتەوە و ژیان ئاسانتر دەکات، بەڵام ئەوەی لەچوارچێوەی پلانەکەدا نیە یا مەبەستدار نیە، بەکارهێنانی بەردەوامی ئەو ئۆتۆمبێلانەیە کە دەبنە هۆی پیسکردنێکی بەردەوامی ژینگە و زیانگەیاندن بە مرۆڤەکان. لێرەدا "دەبێ دان بەوەدا بنێین کە چالاکی پلانە مەبەستدارەکان تێکەڵ بە پرۆسە جڤاکییە بێپلانەکان دەبن" ( Hopkins, 2006:14). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو کار و چالاکییە پلان بۆدانراوەکانی مرۆڤ دەرهاوێشتەی نێگەتیڤی لێ دەکەونەوە و دەبێت بە بەشێك لە پرۆسەی جڤاکی، بەڵام لەوانەیە بە ئاڕاستەیەکی تەواو نێگەتیڤدا هەنگاو بنێت و دەرهاوێشتەکانی ببن بە مەترسی لەسەر ژیانی مرۆڤەکان.
ئەم دوالیزمەش لە تێگەیشتنی ئەلایاسدا دابەشبوونێکی درۆیینە (false dichotomy) دروست دەکات. لەسەر ئەو بنەمایەشەوەیە کە بلۆیس دانیال دەڵێ "فیگوراشنالیستەکان پێیان وایە ئەو ئەرگومێنتانەی پێشکەش دەکرێن بۆ پێڕەوکردن لە ستراتیژیەتی توێژینەوەی کوالیتایڤ یان کوانتیتاتیڤ، دوانەیەکی درۆیینەیە. ئەمەش مانای وایە، لەوەتی توێژینەوەی کوانتیتاتیڤ لەسەر بنەمای گریمانەی کوالتیتایڤ دەوەستێت لەقۆناغە سەرەتایی و شرۆڤەکردنەکاندا، گونجاو نیە داوابکەین کە ستراتیژیەتی یەکێك ئەویان بێت یان ئەمەیان... لەو ڕوانگەیەشەوە، گرنگە ئەوە بزانین کە سۆسیۆلۆگە فیگورشیونالیستەکان داوادەکەن توێژەرەکان دەبێ گونجاوترین ئامرازەکانی توێژینەوە بەکاربێنن بۆ ئەوەی شرۆڤەی پرسیاری توێژینەوەکانیان بکەن" (Bloyce, D., 2004:153/154). لێرەدا ئەمە ڕوونە کە ئەلایاس ئەو دابەشبوونانە بە دابەشبوونێکی درۆینە دەزانێت و پێی وایە تویژەر دەبێ دەستوپێی بەو دابەشبوونە سندم نەکرێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامە دروستەکان.

وەکو دەرهاوێشتەیەك بۆ ئەمەی سەرەوە، گرنگە باس لە فیگورێشنی تێکەڵبوون و لێدووربوون (involvement and detachment) بکرێت. ئەلایاس لێرەدا، هەر لەچوارچێوەی دابەشبوونی درۆیینەدا، دوانەی سەبژەکتیڤیتی (subjectivity) و ئۆبژەکتیڤیتی (objectivity) ڕەد دەکاتەوە و پێی وایە "پێشنیازی کۆنسێپتوالیزە کردنی مەعریفە و تێگەیشتن لە تێکەڵبوون و لێدووربوون، گونجاوترە لە ئەرگومێنتەکانی زاتیبوون و بابەتیبوون" (Hopkins, 2006:14). لەم ڕووەشەوە بەپێی لێکدانەوەی بلۆیس دانیال؛

"سۆسیۆلۆگە فیگورشنالیستەکان، پێیان وایە؛ هەرچەندە توێژەرەکان بەتەواوەتی ناتوانن خۆیان دووربخەنەوە لەکارەکانیان، ئەمە مانای وانیە کە ئەوان حەزیان لێیە، یان لەدەستەلاتیان دایە بەتەواوەتی خۆیان تێکەڵ بکەن. بۆیە لەدیدی فیگورشنالیستەکان، پرۆسەی توێژینەوە دەبێ جۆرێك لە بەیەکەوە گرێدانی تێدابێت لەنێوان تێکەڵبوون و لێدووربوون. لێرەدا ئەلایاس ئەو ڕوانگە ئەرثەدۆکسیانەی سەبژەکتیڤیتی و ئۆبژەکتیڤیتی وەکو دوو ئامرازی تێگەیشتن لە جیهانی جڤاکی ڕەد دەکاتەوە، لەجیاتی ئەوە، ئەو پێی باش بووە بیر لەو تێرمانەی شرۆڤەکردن بکرێتەوە کە بە پلەی جیاواز لەتواناداهەبێت" (Bloyce, D., 2004:147).

کەواتە ئەوە لێرەدا گرنگە بوترێت، ئەلایاس خۆی لە جەمسەرگیری دوور گرتووە. ئەوە بەلای ئالایاسەوە کێشەی پلەدارییە نەك جەمسەرگیری. بۆیە توێژەر هەمیشە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لێدووربوونی خۆی لە پانتایی توێژینەوەکە دیاری دەکات.لەو ڕووەشەوە ئیڤان وێدینگتۆن لایەنی سۆزداری وروژاندووە و دەڵێ "بەپێچەوانەوە، هەرچەند بەسۆزەوە تێکەڵبین، وابپێدەچێت بەهێزی تێکەڵبوونی سۆزداریمان، تێگەیشتمان شێلوو دەکات" (Waddington, I., 2000:4). ئەمەش مانای وایە، جگە لەوەی کە ئەلایاس نەیویستووە بەهەمان ڕێچکەی سۆسیۆلۆگە کلاسیکەکاندا بڕوات، ویستوویەتی توێژینەوە لە دۆگمابوون دووربخاتەوە، چونکە کاتێك کە توێژەر دەچێتە دونیای توێژینەوەکەی، چونکە خۆی بە ئۆبژەکتیڤیست دادەنێت، ئەوا ئەگەر پێویستیش بکات خۆی بخزێنێتە زۆنەکانی سەبژەکتیڤیستەکان، ئەو سنووربەزاندنە ناکات، چونکە جۆرێك لەدۆگمابوونیان بەسەردا زاڵ بووە، یاخود ئەو ڕێبازەی کە ئەوان بۆ توێژینەوە گرتوویانەتە بەر وەکو ئایدیۆلۆژیای لێهاتووە، بۆیە ئەلایاس بوێرانە ویستوویەتی توێژینەوەی زانستی لەو چاڵە ئایدیۆلۆژیانە دەربێنێت و خزمەتێکی زیاتر بە بواری توێژینەوە بکات و بیگەڕێنێتەوە سەر ڕێچکەی بیرکردنەوەی ئەکادێمی.

لێرەدا هۆپکینس دوو خاڵی دیاری کردوون و پێی وایە ئێمە وەکو سۆسیۆلۆگ گرنگە لەبیریان نەکەین:

> "یەکەم: دەبێ بەتەنها دیوی دەرەوەی ئایدیۆلۆژیەکان و زانیارییەکان وەرنەگرین.
>
> دووەم: دەبێ تا بتوانین خۆمان زیاتر نزیك بگرین لە تەجرید یا خۆدوورگرتن لە پرۆسەی توێژینەوەکە" (Hopkins, 2006:14).

ئەمەش هەمان تێگەیشتنی وادینگتونە لەوەی کە بتوانین نەکەوینە ژێر فشاری سۆزداریمان بۆ هەر یەکێك لەو پرسانەی کە شرۆڤەیان دەکەین، یا بکەوینە ژێر فشاری ڕقبوونەوەمان لەهەر یەکێك لەو جۆرە پرسانەی کە خەریکی چارەسەرکردنیان دەبین.

هەموو ئەو کۆنسێپتانەش لە کۆتاییدا دەمانبەنەوە سەر چەمکی هێز (Power)، کە بۆدواجار وەکو یەکێك لە ڕەگەزە گرنگەکانی سۆسیۆلۆژیای فیگورێشن دەردەکەوێت. ئەلایاس گرنگییەکی زۆری بەو ڕەگەزە لە ژیانی جڤاکیدا داوە. ئەو بەر لە میشێل فۆکۆش گرنگی هێزی لە پەیوەندییە جڤاکییەکاندا شرۆڤەکردووە. ئەلایاس دەڵێت:

> "ئێمە دەڵێین کەسێك هێزێکی زۆری هەیە، وەکو ئەوە وایە کە هێز شتومەك بێت و لەگیرفانی خۆیدا هەڵیگرتبێت. بەکارهێنانی ئەو وشەیە پاشماوەی بیرۆکەیەکی ئەفسانەیی ـ تەلیسماوی کۆنە. هێز نوشتەیەك نیە کەسێك هەیبێت و یەکێکی دیکە نەیبێت؛ هێز کاراکتەرێکی ستراکتۆریی پەیوەندییە مرۆییەکانە" (Elias, 1978:93).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هێز لەهەموو کونوکەلەبەرەکانی ئۆرگانەکانی جڤاکی مرۆییدا بڵاوبۆتەوە. ئەمەش ڕێك هەمان تێگەیشتنی فۆکۆیە کە دوای ئەلایاس لە پرسی پەیوەندی نێوان مەعریفە و دەستەلاتدا، باسی لەو ڕاستییە کردووە کە هێز لەهەموو شوێنێکدا ئامادەیە و مومارەسە دەکرێت (Foucault, M. and Deleuze, G., 1977). لێرەدا 'کریس ڕۆژەك' پێی وایە؛

> "لەدایکبوونی یەکێك لە خێزانێك و لەکاتێکی دیاریکراودا، کە هێزی پێ دەبەخشرێت لەڕێی سەرچاوەکانی داهاتدا بەمەبەستی بەشداربوونێکی بەهێز لەژیانی ڕۆژانەدا. زۆر زووتر بەر

له فۆکۆ، ئەلایاس پێی وابووە بەهێزکردنی خود، بناغەیەك بۆ ملکەچبوونی خود دەستەبەر دەکات" (Rojek, C., 1986:547).

هەڵبەت مەبەستی ڕۆژەك لەو نموونەیەدا؛ دابەشبوونی هێزە، بەمانای ئەوەی کە لە ناو خێزانێکدا منداڵێکیش بەشی خۆی هێزی هەیە و پێی دەبەخشرێت بەبێ ئەوەی خۆی دەستی لە دابەشکردنی ئەو هێزەشدا هەبێت. دوایی لەڕێگای پرۆسەی سۆسیالیزەکردندا ئەو هێزە ڕەهەندەکانی دیکە وەردەگرێت و بڵاو دەبێتەوە.

ئەلایاس زیاتر ئەو دابەشبوونی هێزە شرۆڤە دەکات و دەڵێ؛

"ئێمە پشتبەخەڵکانی دی دەبەستین، ئەوانیش پشت بەئێمە دەبەستن. لێرەدا هەرچەند ئێمە زیاتر پشت بەوانی دیکە ببەستین، ئەوا ئەوان هێزیان زیاتر لەئێمە هەیە، ئەمەش ئەگەر بەبەکارهێنانی هێزێکی رووت بێت، یاخود بەهۆی ئێمەوە بێت کە بمانەوێت خۆشەویست بین، یا پێویستمان بە پارە بێت، یا چارەسەرکردن بێت یاخود پێگەیەك بێت یاخود پیشەیەك بێت تەنها بۆ وروژاندن (Elias, 1978:74, 93).

لەو وردەکارییانەی ئەلایاس جەختکردنەوەیە لەسەر چەمکی پشتبەیەکدی بەستن (Interdependeny) کە لەدوتوێی تیۆری پرۆسەی بەشارستانیکردندا (Civilising Process) بەدرێژی جەختی لێکردۆتەوە. ئەو چەمکە گرنگییەکی لەڕادەبەدەری لە تێگەیشتنی ئەلایاسدا هەیە بەمەبەستی سەقامگیری کۆمەڵگا و بەیەکەوە بەستنەوەی پێکهاتەکان. لێرەدا ستێڤن لۆیال و ستێڤن کوالی، پێیان وایە؛

"بۆ ئەلایاس، تا ئەو کاتەی کە لایەنێك، پەیوەندییەکان وەزیفەیەکی بێت، لەئاکامیشدا بەهایەك، لەچاوی ئەوانی دیکەدا، ئەوانە بێ هێز نین، لەگەڵ ئەوەی کە لەوانەیە جیاوازییەکی زۆری هێز لەنیوانیاندا هەبێت" (Loyal, S. and Quilley, S., 2004:7).

لێرەشدا خۆمان لەبەردەم بالانسی هێزدا دەبینینەوە، هەر کاتێکیش ئەو بالانسە گۆڕانکاری بەسەر داهات و لاسەنگی بەخۆوە بینی، ئەوسا لەبەردەم کێشەیەك یا دۆخێکی تازە داین. لە بەردەوامی ئەو پرسەدا، هۆپکینس بەمەبەستی شرۆڤە و لێکدانەوەی زیاتر پێی وایە؛

"تا ئەو ئەڵقانەی پەیوەندییەکانی پشت بەیەکدیبەستن درێژ تر بن، یاخود تۆڕی فیگورێیشن بەرین تر بێت، تاکەکان زیاتر پشت بەغەیری خۆیان دەبەستن، بۆیە ئەوکاتە تاکێك لەوانەیە هێزێکی رەهای هەبێت" (Hopkins, 2006:15).

ناسینەوەی هێز کە لەهەموو جومگەکانی جڤاکدا ئامادەیە بە ڕێژەی جیاواز، لەڕووی ئەکادیمیدا گرنگی خۆی هەیە بۆ ئەوەی توێژەر لەوە تێبگات کە هێز هەر لەجومگەیەکی کۆمەڵگادا پەرگیر نەبووە، بەڵکو دەبێت بەدوایدا بگەڕێت بۆ ئەوەی بتوانێت بالانسی پەیوەندییەکان بدۆزێتەوە، ئەو پەیوەندییانەی کە سەرتاپای کۆمەڵگای لەسەردا وەستاوە، لەوێشدا، واتە بەدرێژایی تۆڕی ئەو پەیوەندییانەش هێز ئامادەیە و دەبێ ئەو نخشەیە هەمیشە لەبەرچاو بێت.

پوختەی ئەو شرۆڤەکردنە، بریتییە لە خستنەڕووی تیۆری سۆسیۆلۆژیای فیگورێیشن، کە خۆی لە چوار ڕەگەزدا دەبینێتەوە، یەکەمیان بیرۆکەکانی فیگورێیشنن کە تاکەکان لە کۆمەڵگادا بە بەشێکی دانەبڕاوی جڤاك دەبینێت. دووەم ڕەگەزیش خۆی لە دەرهاوێشتە پلان بۆدانەنراوەکاندا دەبینێتەوە، کە هەموو بیرۆکەیەکی پلاندار دەرهاوێشتەی جیاوازی لێ دەکەونەوە، ئەگەر ئەو دەرهاوێشتانە نێگەتیڤ یا پۆزەتیڤ بن. سێیەم ڕەگەز بریتییە لە تێکەڵبوون و تەجرید یاخود لێدووربوون، بەجۆرێك توێژەر دەبێ لەو نێوەندەدا بتوانێت سۆزەکانی یا ڕقلێبوونەوەکانی کۆنترۆل بکات و بەرژەوەندی زانستی لەبەرچاو بگرێت. دوا ڕەگەزیش پەیوەندییەکانی هێزە، کە پێی وایە هێز لەهەموو جومگەکانی کۆمەڵگا، لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانەوە، ئامادەیە.

***********************

سەرچاوەکان:


(1) Bloyce, D., 2004. Research is a messy process: A case study of a figurational sociology approach to conventional issues in social science research methods. *Graduate Journal of Social Science*, *1*(1), pp.144-166.

(2) Baur, N. and Ernst, S., 2011. Towards a process-oriented methodology: modern social science research methods and Norbert Elias's figurational sociology. *The sociological review*, *59*(s1), pp.117-139.

(3) Elias, N., 2000. The civilising process: sociogenetic and psychogenetic investigations. *London: WileyBlackwell*.

(4) Elias, N., 1978. The civilising process: The history of manners. *New York*.

(5) Foucault, M. and Deleuze, G., 1977. Intellectuals and power. *Language, counter-memory, practice*, pp.205-17.

(6) Hopkins, G., 2008. A sociological investigation in to the dynamic power balance between the Football League and Football Association: Using the Football League Cup as a window for exploration.

(7) Quintaneiro, T., 2006. The concept of figuration or configuration in Norbert Elias' sociological theory. *Teoria & Sociedade*, *2*(SE), pp.0-0.

(8) Rojek, C., 1986. Problems of involvement and detachment in the writings of Norbert Elias. *British Journal of Sociology*, pp.584-596.

(9) Waddington, I., 2000. *Sport, health and drugs: A critical sociological perspective*. Taylor & Francis.

(10) Loyal, S. and Quilley, S., 2004. *The Sociology of Norbert Elias*. Cambridge University Press.